
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:36 11-10-2006

## "بۆ گرتنی فۆتۆیەک لەنێوان ژیان و مەرگدا بووم، بەڵام ڕۆژنامە کوردیەکان بایەخی نازانن" ... جەمال پێنجوێنی ... ئا: ئاسۆ



جەمال پێنجوێنی یەکێکە لەو لاوانەی کە لە بواری وێنەگری ڕۆژنامەوانی بەڵگەنامەیدا کاردەکات لەماوەی سێ ساڵی کارکردنیدا لەگەڵ چەندین ڕۆژنامە و وێب سایتی جیهانیدا کاری کردووە ئێستاش سەرقاڵی وێنە کتێبێکە بەناوی "زەردەخەنەی دووای جەنگ". جەمال پێنجوێنی ماوەیەکی زۆرە نیگەرانی و موعاناتێکی زۆری لەگەڵ ڕۆژنامەی ناوخۆییەکانی کوردستاندا هەیەو بەوە تۆمەتباریاندەکات دەکات کە مافیان خواردووە. پێنجوێنی لە چاوپێکەوتنێکی هاوڵاتیدا باس لە کێشەو گرفتەکانی دەکات.

**ئاسۆ:** نەبوونی فۆتۆجورنالیت لە بواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا تا ڕادەیەك بۆشایی دروست کردووە تۆ وەك فۆتۆجورنالیستیك لە بوونی کاور لەم بوارەدا بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**جەمال:** من ئەتوانم وەڵامی پرسیارەکەت بە دوو شێوە بدەمەوە، یەکەمیان ڕۆژنامەنووسی ئێمە تا ئێستاش پروفیشنال نییە ڕۆژنامەوانەکانی ئێمە تا ئێستا وا بیردەکەنەوە کە دوو سێ کەس کۆببنەوەو ستافێکی بچووك پێکبهێنن بۆ ئەوەی ڕۆژنامەیەك دەربکەن کە ئەمەش ناپروفیشنالییە. دووهەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆژنامەنووسی ئێمە لەبەر ئەوەی واریداتی کەمەو ئیمکانیاتی تەکنیکی نییە تا ڕادەیەك لە بواری تەکنیك و هونەری کامێرا شارەزا نییەو بەداخەوە لای ئێمە ڕۆژنامەوانەکان ناشیانەوێت فێر ببن. بۆ نموونە، تا ئێستا فەراغێکی گەورەی ناو ڕۆژنامەکانە لەبەر ئەوەی فۆتۆجورناسی تێدا نییەو ئەوەشی کامێرای پێیە لەنێو ڕۆژنامەکانا ناشزانێ ئەساسی فۆتۆجورناسی چییە.

**ئاسۆ:**: ئێستا ڕۆژنامەکانی کوردستان بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەراغە پەنایان بۆ ئینتەرنێت بردووەو ئایا وەرگرتنی فۆتۆ لە ئینتەر نێت نیشانەی لاوازی ڕۆژنامەگەری کوردی نییە؟

**جەمال:** ئینتەرنێت ڕاستە کار ئاسانی زۆربەی کردووە بەڵام ئەو ڕۆژنامانەی کە وابیر دەکەنەوە کە هەموو شتێکیان بۆ ئاسان کراوە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەو فۆتۆیەی ئەوان ئەوان وەری دەگرن هی خۆیان نییە ئەگەر یاسای کۆپی ڕایت هەبێت لەم وڵاتەدا بە هەزاران دۆلار غەرامە دەکرێت ئەگەر خاوەنی فۆتۆکە بزانێت بەڵام بەداخەوە لای ئێمە ئەو مافە نەپارێزراوە بۆیە ڕۆژنامەکانی خۆمان بە ئارەزووی خۆیان فۆتۆ وەردەگرن.

**ئاسۆ:**: وەك خۆت باست کرد موعاناتێکی زۆرت هەیەو ڕۆژنامەکانی خۆمان فۆتۆکانی تۆ وەردەگرن بەشێکی زۆری ڕۆژنامەکان تەنها ئیشارەت بە ناوەکەشت ناکەن کە فۆتۆی تۆیە ئەمە لە کاتێکدا تۆ ئەو فۆتۆیانەت فرۆشتووە بە ڕۆژنامە بیانیەکان من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەمە کێشە بۆ تۆ دروست ناکات؟

جەماڵ: ئەوە گرفتی گەورەی من و ئەو ڕۆژنامەیەی کە فۆتۆکەی من وەردەگرێت بیر لەوە ناکاتەوە کە من بۆ گرتنی فۆتۆیەك موجازەفەم بە ژیانی خۆم کردووە جاری واش هەبووە لە نێوان ژیان و مردندا

بووم بۆ ئەوەی ئەو فۆتۆیە بگرم بەڵام ڕۆژنامە كوردییەكان بایەخی ئەم فۆتۆیەی تۆ نازانێت وەری ئەگرێت بێپرسكردن. من یەك شتی زۆر سەیرم بینی حەز ئەكەم بۆتی بگێرمەوە خەڵك هەبووە چووە وێنەكەی لە ئینتەرنێت وەرگرتووەو بەناوی خۆیەوە بڵاوی كردۆتەوە ئەم شتانە بەس لە كوردستاندا هەیە خۆ من نەمردووم و لە وڵاتەكەشم ئاوا ناحەقیم پێئەكەن.

**ئاسۆ**:: بۆچی هەوڵت نەداوە ڕێگای یاسایی بگریتەبەر بۆ ئەوەی مافەكانت بۆ بگێردرێتەوە؟

**جەمال**: سێ هۆكار هەیە كە من تا ئێستا ئەم كارەم نەكردووە، یەكەمیان ئەوەیە كە یاسایەك نییە لە كوردستان تۆ بچی بۆ كوێ داوایەكی یاسایی تۆماربكەی. دووەمیان من زۆر سەرقاڵم بەهۆی سەفەركردنم بەهۆی كارەكەمەوە كە بە ڕاستی زۆر سەرقاڵیم هەیە لەگەڵ كارەكەم و بەڕاستی من لێرەوە ئەڵێم كە من پێم خۆش نییە كە فۆتۆكانی من لە رۆژنامەو گۆڤارەكاندا بڵاوئەبێتەوە لەبەر ئەوەی من ئەو فۆتۆیە ئەفرۆشم بە جێگایەك كە مافی كۆپی ڕایتی بۆ نەگەرێتەوە من عقد ئەكەم لەگەڵ ئەو جیگایەی كە فۆتۆكەی پێئەفرۆشم بڕوات هەبێت لەنێو عەقدەكاندا نەموێراوە هەموو خاڵەكان ئیمزا بكەم لەبەر ئەوەی كە دەزانم ڕۆژنامەكانی خۆمان فۆتۆكان بڵاو دەكەنەوە من لە لایەن جێگای زۆر باشەوە داوام لێكراوە كە عەقدیان لەگەڵ ببەستم بەڵام هەرچەندە بیرم ئەكردەوە كە ئەگەر عقد بكەم لە كوردستان مافی كۆپی ڕایتی نەپارێزراوە دوای تووشی كێشەی گەورەم ئەكات.

تێبینی ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی هاوڵاتی دا بڵاو بۆتەوە